# کاتێک نەوەی ئادەم سوجدەی ناو قورئان دەخوێنێت وسوجدە دەبات، شەیتان پشت هەڵدەکات ودەگری، ودەڵێت: تیاچوون بۆ من، فەرمانکرا بە نەوەی ئادەم سوجدە ببات وسوجدەی برد بۆیە بەهەشتی بۆ هەیە، وفەرمانکرا بە من سوجدە ببەم بەڵام سوجدەم نەبرد بۆیە دۆزەخم بۆ هەیە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «کاتێک نەوەی ئادەم سوجدەی ناو قورئان دەخوێنێت وسوجدە دەبات، شەیتان پشت هەڵدەکات ودەگری»، ولە گێڕانەوەیەکی تردا: «دەڵێت: تیاچوون بۆ من، فەرمانکرا بە نەوەی ئادەم سوجدە ببات وسوجدەی برد بۆیە بەهەشتی بۆ هەیە، وفەرمانکرا بە من سوجدە ببەم بەڵام سوجدەم نەبرد بۆیە دۆزەخم بۆ هەیە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئەگەر نەوەی ئادەم ئەو ئایەتانەی قورئان بخوێنێت کە فەرمانی سوجدە بردنی تێدایە، وسوجدە ببات ئەمیش وەکو جێبەجێکردن وگوێڕایەڵیکردنی فەرمانەکانی خوای گەورە، شەیتان دوور دەکەوێتەوە لەو مسوڵمانەی قورئان دەخوێنێت ودەگری وغەمبار دەبێت بەهۆی لە دەستدانی ئەو ڕێزلێنانەی کە پێی بەخشرا، وتووشی نەفرەت وپەشیمانی وتیاچوون بوو بەهۆی حەسوودی بەرامبەر ئادەم، وشەیتان دەڵێت: («تیاچوون بۆ من، فەرمانکرا بە نەوەی ئادەم سوجدە ببات وسوجدەی برد بۆیە بەهەشتی بۆ هەیە، وفەرمانکرا بە من سوجدە ببەم بەڵام سوجدەم نەبرد بۆیە دۆزەخم بۆ هەیە»): واتا تووشی چی غەم وتیاچوونێک بووم، خودا -سبحانه وتعالى- فەرمانی بە نەوەکانی ئادەم کرد بە سوجدە بردن سوجدەیان برد وگوێڕایەڵی فەرمانی بوون بۆیە بەهەشت بۆ ئەوانە، بەڵام خودا فەرمانی بە من کرد بۆ ئەوەی سوجدە ببەم بەڵام سوجدەم نەبرد بەهۆی خۆبەگەورەزانین (وحەسوودیەوە) بۆیە دۆزەخ بۆ منە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10572